Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1109

# ڕۆڵی سیاسیی جەمال نەبەز (1959_1986) توێژینەوەیەکی مێژوویی_ سیاسییە

نەبەز ئازاد محەمەدئەمین، محمد عبداللە کاکەسوور

بەشی مێژوو، کۆلێژ ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین ، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | February, 2024 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

جەمال نەبەز، ڕێبازی سێیەم، نوکسە، سوکسە، کاژیک

**Corresponding Author**

nabazazad5858@gmail.com
makakasur@yahoo.com

**پوختە:**

لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم، ڕۆڵی سیاسی جەمال نەبەز لە بازنەی ڕێبازی سێیەم وەک هزری سیاسیی دەرکەوتووە، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، بە هۆی هاتنەکایەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە عێراق و کوردستاندا، ڕێبازی سێیەم فۆرمی سیاسەتی لە باری تیۆریەوە گۆڕی بۆ باری پراکتیک، جەمال نەبەز لەسەر بنەمای هزری سیاسی ڕێبازی سێیەم، لەگەڵ چەند هاوبیرێکیدا کۆمەڵەیەکیان بەناوی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک) لە ١٩٥٩/٤/١٤ دامەزراند، زۆری نەبرد ڕێبازە هزری و فەلسەفییەکەیان لە کتێبێکدا بەناوی (کاژیکنامە) خستەڕوو. پاش جێهێشتنی وڵات لە ساڵی ١٩٦٢دا، دواتر لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بوو، لە ساڵانی (١٩٦٢-١٩٧٥) لە کاری سیاسیی و بڵاوکردنەوەی ڕێبازی کاژیک بەردەوام بوو، لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا کە خۆی دایمەزراندبوو، کار و چالاکی سیاسیی و ڕۆشنبیری دەکرد.

گریمانە و پرسیاری توێژینەوەکەش تەرخان کراوە بۆ خستنەڕوی ڕۆڵی سیاسی جەمال نەبەز، لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەشدا وەڵامی چەن پرسیارێکی مێژوویی دراوەتەوە وەک: ئایا ڕێبازی سێیەم وەک هزرێکی سیاسی، جیاواز بووە لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق)؟ ڕۆڵی جەمال نەبەز لە ڕێبازی سێیەمدا چی بووە؟ جەمال نەبەز وەک دامەزرێنەری کاژیک چ ڕۆڵێکی هەبووە لەو کۆمەیەدا؟ هۆکار و چۆنێتی دامەزراندنی هەردو ڕێکخراوی (یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا- نوکسە و ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا- سۆکسە) خراوەتە ڕو، کاریگەرییان چی بووە لە نێو ڕێکخراوە خوێنکارییەکاندا؟

## پێشەکی:

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، لە باشووری کوردستان دوو ئاراسەی جیاواز لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا بوونیان هەبوو، ئەوانیش حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەم دوو پارتە لە زۆربەی پرسەکاندا ناکۆک بوون، دژایەتی یەکتریان دەکرد بە تایبەت حیزبی شیوعی عێراق کە دژ بە پارتی و دۆزی کورد بوو، لەگەڵ پەرەسەندنی ناکۆکی نێوان ئەم دوو پارتە، ئاراستەیەکی نوێیش لە ڕووی هزرییەوە هاتەکایەوە، کە بیر و دیدگایان دژ بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق، بەناوی ڕێبازی سێیەم ناو دەبران. ئەم ڕێبازە دژی بیری کۆمۆنیزم و ئۆتۆنۆمی کوردستان بوون و پێداگیرییان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەکرد. لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز١٩٥٨ لە عێراق، ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق زیاتر پەرەی سەند و مەترسی لەسەر هزری نەتەوەیی هاتە کایەوە، لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەی دوای شۆڕشی (١٩٥٨)، لەسەر ڕاسپاردەی جەمال نەبەز لەگەڵ چەند هاوبیرێکیدا، کۆمەڵەیەکیان بەناوی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد-کاژیک) لە ١٩٥٩/٤/١٤ دامەزراند. ڕێبازە هزر و فەلسەفییەکەیان لە چوارچێوەی کتێبێکدا بەناوی (کاژیکنامە) خستە ڕوو. بە چوونەدەرەوەی لە وڵات لە ساڵی ١٩٦٢ نیشتەجێبوونی لە ئەڵمانیا جەمال نەبەز لە کار و چالاکی سیاسی بەردەوام بوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا بە تایبەت، ڕێکخراوی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (١٩٦٥-١٩٧٧). لە هەمانکاتدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٢-١٩٧٥) لە بڵاوکردنەوەی بیر و ڕێبازی کاژێک بەردەوام بوو، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ ڕێکخراوی (یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)ی دامەزراند، تاکو ساڵی ١٩٨٦ لە کار و چالاکیی هزری و ڕۆشنبیری و سیاسی بەردەوام بوو.

## گرنگی توێژنەوەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

گرنگی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی زانستی ڕۆڵی سیاسی جەمال نەبەز بە گوێرەی قۆناغە جیاوازەکان بخرێتە ڕوو، کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دیاری بکرێت و چالاکییە سیاسییەکانی لە ڕووی هزر و بنەمای بیری نەتەوەیی دەستنیشان بکرێت.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوە لە پلەی یەکەم، بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی هزری سیاسی (جەمال نەبەز)ە لە دۆزی کورد، هەروەها خستنە ڕووی دیدگا و هزری ڕێبازی سێیەم و جیاوازییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق لە ڕووی بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد. خستنەڕووی ڕۆڵی سیاسی جەمال نەبەز لە دەرەوەی وڵات بە تایبەت لە چوار چێوەی ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا.

## کێشە و گرفتەکانی توێژینەوەکە:

کێشە و گرفتی ئەم توێژینەوە بریتییە لە نەبوونی سەرچاوەی پێویست لەسەر قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم- ڕێبازی سێیەم، نەبوونی سەرچاوە لەسەر ڕێکخراوە خوێندکارییەکان(نوکسە و سۆکسە) داواکردنی نووسراو و بڵاوکردنەوە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بەم توێژینەوەیە لە (دەزگای جەمال نەبەز) لە بەرلین دوای چەندین پەیوەندیکردن هیچ وەڵامێک بە دەست نەهات.

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەو مێتۆد و ڕێبازەی لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری، لەسەر بنچینەی هەڵێنجان سەرچاوەی گرتووە. هەوڵدراوە شیکارییەکی وەسفی بۆ ئەو ڕووداوانە بکرێت، کە جەمال نەبەز ڕۆڵی سەرەکی تێیدا گێڕاوە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە لە پێشەکییەک و دوو تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە، بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە هەر تەوەرەیەک بە سەر دوو باسدا دابەش کراوە. تەوەری یەکەم بەناونیشانی، ڕێبازی سێیەم قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم. باسی یەکەم: ڕێبازی سێیەم، باسی دووەم: بۆ دامەزانی کاژێک و ڕۆڵی جەمال نەبەز لە کاژێکدا تەرخان کراوە. تەوەری دووەم: بریتییە لە دامەزراندنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە دەرەوەی وڵات، باسی یەکەم: یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا-نۆکسە، باسی دووەم: ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا-سۆکسە. لە کۆتایدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە دەسنیشان کراوە کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە.

## گرنگترین سەرچاوە بەکارهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵ دراوە زۆرترین سەرچاوەی زانستی تایبەتمەند بەکار بهێنرێت، سەرچاوەکانیش بریتین لە (پەرتوک، گۆڤار، ڕۆژنامە)، گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودێکی زۆریان لێ وەرگیراوە، بریتین لە: **جەمال نەبەز**، کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتی کورد-کاژێک ١٩٥٩/٤/١٤ پێشخان و دوایخانەکانی. **سەروەر عەبدوڕەحمان عومەر**، حزبی شیوعی عێراق و پرسی کورد. **هەڵۆ بەرزنجی** کورتەیەک لە مێژووی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا-سۆکسە. **جەمال نەبەز**، گۆڤاری نیشتمان. لەگەڵ بەکارهێنانی چەند بەڵگەنامە و گۆڤارێکدا.

## باسی یەکەم: ڕێبازی سێیەم (قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم)

دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩-١٩٤٥)، فرەجەمسەری نێودەوڵەتی کۆتایی پێهاتوو نموونەی تازەی جەمسەربەندی هاتە کایەوە، ئەویش بریتیبوو لە (سیستەمی دوو جەمسەری)، کە تێدا توانا و چالاکییەکانی دنیا لە ڕووی هێزەوە بەسەر دوو بلۆکدا دابەش بوو(نورەدینی، 2003، ل90_91). ئەم دابەشکاریە کاریگەری لەسەر کێشەجیهانییەکان دانا و بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر کێشەی کورد و خەباتی بۆ ئازادی دۆزەکەشی هەبوو، چونکە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کرا بوو، دوو جۆر پەیوەندیان بە زلهێزەکانەوە هەبوو، ئێران و تورکیا هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، لە لایەکی ترەوە سوریا و عێراق پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو(ئەمین، 2006، ل42_43).

بەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی (1939_1945)، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بە سەر تێکرای پارچەکانی کوردستاندا هەبوو، لەو سۆنگەیەوە لە باشووری کوردستان بیرکردنەوە لە یەکخستنی کۆمەڵە و هێزە شۆڕشگێڕەکان لە چوارچێوەی یەک پارتی نەتەوەی شۆڕشگێڕی کەوتە بیری نیشتمانپەروەرانی کورد، تاکوو دواجار لە ئەنجامی هەوڵەکاندا دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کورد)ی لێکەوتەوە(حەمەدئەمین، 2017، ل11). ئامانجی سەرەکی ئەم پارتە لە ڕووی سیاسییەوە، بریتیبوو لە ڕزگاربوون لە ئیمپریالیزم و نەخشە و پیلانە داڕێژراوەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی یەکگرتوو، کە مافەکانی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا دەستەبەر بکات( قادر، 2005، ل124). لە هەمانکاتدا حیزبی شیوعی عێراق ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، بەڵام هیچ پێشوازییەکی لە (پارتی دیموکراتی کورد) نەکرد، چونکە خۆی بە سەرکردەی خەباتی گەلی عێراق دادەنا بە کورد و عەرەبەوە( عومەر، 2019، ل165). تەنانەت حیزبی شیوعی داوای لە (پ.د.ك) کرد خۆی هەڵوەشێنێتەوە، چونکە پێیان وابوو ئەگەر (پ.د.ك) خۆی بە پارتێکی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز دەزانێت و باوەڕی بە سۆسیالیزمی مارکسی هەیە، دەبێت خۆی تێکەڵ بە حیزبی شیوعی عێراق بکات( پارتی دیموکراتی کوردستان، 1997، ل56).

ئەم تێڕوانین و هەڵوێستانەی حیزبی شیوعی بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان پارتی دیموکراتی کورد و حیزبی شیوعی کە لە دوو خاڵی بنچینەییدا خۆی دەبینییەوە:

١_ شیوعییەکان لە عێراقدا کوردیان بە (ئوممە-نەتەوە) نەدەزانی وەک کەمە نەتەوەیی لێیان دەڕوانی.

٢_ بزووتنەوەی کوردایەتییان لەو سەردەمەدا بە کۆنەپەرست دادەنا( عومەر، 2019، ل166).

لەگەڵ ئەم ناکۆکی و گرفتانەشدا، ماوەی ساڵانی (1949_1955) لە مێژووی حیزبی شیوعی عێراقدا بە ماوەی بەرەوپێشچوونی کێشەی کورد و زیادبوونی ڕێژەی کورد لە مێژووی ئەو حیزبەدا دادەنرێت، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی حیزبیان لە بەغداوە گواستبووەوە بۆ کوردستان( بطاطو، 2005، ص367_369). بە تایبەتی دوای ئەوەی بە هادین نوری لە نێوان ساڵانی (1949_ 1953) دەبێتە سکرتێری حیزب، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراسی چەپڕەودا و پرۆگرامێکی سیاسی نوێ بەناوی (باسم) بۆ حیزب دادەنێت ( نووری، 1996، ل138) ، ئەم پرۆگرامەیش لە ساڵی 1952 لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پەسەند دەکرێت، گرنگترین خاڵی وەچەرخان لەو پەیڕەوەدا، بریتی بوو لە پشتگیریکردنی پرسی کورد، لە یەکێک لە خاڵەکانیدا مافی چارەی خۆنووسینی بۆ کورد بە ڕەوا زانیوە ( الخرساني، 1993، ص71).

سەرەڕای تێڕوانینە نەرێنییەکانی حیزبی شیوعی عێراق بەرانبەر کێشەی کورد و (پ. د. ک)، بەڵام پارتی دیموکراتی کورد لە سیاسەتی نەتەوایەتی بەردەوام بوو، وەك پارتێکی نەتەوەیی لەپێناو دۆزی کورد لەساڵی 1951 کۆنگرەی دووەمی خۆی بەست (ئەحمەد، 2009، ل118)، بەڵام لە دوای کۆنگرە ناکۆکی کەوتە نێو ریزەکانی پارتی و ئەم ناکۆکییانە پەرەی سەند، بووە هۆی لێکترازانی (پ.د.ک) و جیابوونەوەی (هەمزە عەبدوڵلا)، سەرئەنجام دامەزراندنی باڵێک بە ناوی (بەرەی پێشکەوتن- پارتی دیموکراتی کورد- عێراق) لێ کەوتەوە، رۆژنامەیەکیان بە ناوی (ڕزگاری) وەک ئۆرگانی کۆمەڵەکە دەرکرد (محەممەد ئەمین، 2014، ل71).

بارودۆخی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوو تاکوو بەستنی کۆنگرەی سێیەم لە کانوونی دووەمی 1953، لەم کۆنگرەدا چەندین بڕیاری گرنگ بەمەبەستی بەرەو پێشچوونی (پ.د.ک) درا (ماکداوڵ، 2005، ل487) بریتی بوون لە:.

١_ هزری مارکسی- لینینی وەک ئایدۆلۆژیای پارتی دەستنیشان کرا.

٢_ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی (یەکێتی قوتابییانی کوردستان١٩٥٣) و (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان١٩٥٣) و (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان١٩٥٣).

٣_ دەرکردنی هەمیشەیی (هەمزە عەبدوڵلا) لە ریزەکانی پارتیدا (ئەنسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، 2021، ل75).

هەرچەندە هەڵگرتنی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم- لینینیزم پێچەوانە بوو لەگەڵ بیروباوەڕی حیزبی نەتەوەییدا، ئەم هەنگاوەی پارتی وەک دژایەتی لەگەڵ حیزبی شیوعی بوو، چونکە ئەمە هۆکار بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە شیوعی و مارکسییەکانی کوردستان پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتییەوە بکەن (کریم، 1998، ص50). ناکۆکی و ململانێی سیاسی و فکرییەکان لە نێو حیزبە عێراقییەکان بە بەردەوامی بوونی هەبووە بە تایبەت لە نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە وەک دوو ئاراستەی جیاواز کاریان کردووە (عومەر، 2022، ل41). تاکو کار گەیشتە ئەوەی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی خۆی هەڵوەشاندەوە و چووە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (حمیدی، 1980، ص232).

سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوان (پ.د.ک) و حیزبی شیوعی، پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە 1946 تاکوو شۆڕشی چواردەی تەمووز 1958، وەک پارتێکی نەتەوەیی هەمیشە هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە لە ئاستی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و دەرەوەشدا، دیارترین ئەو ڕووداوانە کە (پ.د.ک) بێدەنگ نەبووە لە ئاستیاندا وەک (پەیمانی پۆرتسمۆس_ 1948)، (ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی 1952)، (پەیمانی بەغداد_ 1955) ، (هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر_ 1956) (فتح الله، 2004، ص114_118).

بەدەر لەو دوو ئاراستە سیاسییەی کە لەگۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستاندا بونیان هەبوو، ئاراستەیەکی دیکەیش لە کوردستان هاتبووە کایەوە کە دیدگا و ئایدیای دژ بە بیری کۆمەنیزم بوو، تا ڕادەیەکی زۆریش ناکۆک بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆکاری دروستبوونی بنچینەی ئەم ئاراستە نوێیە، مەترسی توانەوەی کورد بوو لەناو ئەو نەتەوانەی کوردستانیان دابەش و داگیر کردبوو، چونکە لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەمەوە بیرۆکەیەکی تازەی پڕ لە مەترسی کەوتە دنیا و بیری سیاسی کوردییەوە، ئەویش بیرۆکەی پێکەوە ژیان بوو لەگەڵ داگیرکەران، ئەم بیرۆکەیە لە سەرهەڵدانی لقێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کوردستان لە ساڵی 1944 بەناوی (یەکێتی تێکۆشین) و (حیزبی رزگاری کوردستان 1945) و (پارتی دیموکراتی کورد 1946) هاتە ئاراوە، بە پێی ئەم بیرۆکەیە ستراتیژی کورد لە سەربەخۆییەوە گۆڕا بۆ ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمیش بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان واتە ڕازی بوون بە داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان (ژیر، 2021، ل94).

ئەم بیرۆکەیە بووە هۆی ئەوەی لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیست، بیرێکی نوێ لەنێو ئەو ڕۆشنبیرە کوردانە بێتە کایەوە، کە نە بە میتۆد و جۆری بیرکردنەوەی سەرکردایەتی کلاسیکی کورد ڕازی دەبوون نە بە بیری مارکسیانەی وردە بۆرژوای کورد چ کوردستانی و چ نا کوردستانی، ئەمانە سەرەتای کاریان بە شیکردنەوەی مێژووی کلتووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی کورد و ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتی کلاسێکی نیشتمانی و سەرکردایەتی وردە بۆرژوای مارکسیستی کورد دەستی پێکرد، لەبەرئەوە لە سەرەتادا ناویان بە ڕێبازی سێیەم نرا (نەبەز، 2010، ل75).

ڕێبازی سێیەم، وردەبۆرژوای کوردی بەوە تاوانبار دەکرد، کە پرسی کوردی لە هەموو پارچەیەکی کوردستاندا بە (بەشێک لە پرسی نیشتمانی) ئەو دەوڵەتە دەزانی کە بەشەکەی کوردستانی پێوە بەستراوە، گەلانی ئەم دەوڵەتە داگیرکەرانەی بە برای کورد دەدایە قەڵەم و تاوانی پارچەپارچەکردنی کوردستان و ژێردەستەکردنی گەلی کوردی تەنها دەخستە ئەستۆی (ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا)، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕێبازی سێیەم پرسی کوردی لە هەر پارچەیەکی لە کوردستاندا بە بەشێک لە تەواوی پرسی نەتەوەی کورد و پرسی هەر پارچەیەکی کوردستانیشی بە بەشێک لە پرسی کوردستانی گەورە دەزانی، ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان دابەش کردووە بە داگیرکەر و کۆلۆنیالیستی دەدایە قەڵەم و ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی لە ئاست دروستکردنی سنووری دەستکردی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانەدا وەک یەک بە تاوانبار دەزانی (نەبەز، 2002، ل139).

ڕێبازی سێیەم پێیوایە زۆربەی ئەو حیزبە کوردییانەی لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم دروست بوون، نە بە تەواوی کوردستانی بوون و نە بە تەواوەتی حیزبی ئەو دەوڵەتانە بوون کە پارچەکانی کوردستانی داگیر کردووە، ئەمەشیان بە زیانێکی گەورە داناوە بۆ خودی حیزبەکان و بزووتنەوەی کوردایەتی، چونکە خۆیان تەنها بە حیزبی ئەو بەشەی کوردستان دەزانی کە بەستراوە بەو وڵاتەوە، ئەمەش دەبووە هۆی بچووکردنەوەی پرسی کورد و ڕێگەی خۆش دەکرد بۆ دەوڵەتی سەردەست کە یاری بە چارەنووسی ئەوان و کوردیشەوە بکەن (نەبەز 1، 2002، ل193_194).

ئەم ڕێبازە بۆچوون و ڕەخنەکانیان تەنها لەسەر وردەبۆرژوای کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوو، بەڵکو بە توندی دژی بیری کۆمۆنیزم و پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش بوون، چونکە پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەسەر سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا دروشمی(الديمقراطية الشعبية) دیموکراسی گەلێر هەڵگرتبوو، ئەمەش وای کرد سەرجەم سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بریتیبێت لە خۆنزیکردنەوە لە حیزبە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و دوورکەوتنەوە لە لە بزووتنەوەی ناسیۆنالستی کوردی (نەبەز، 1988، ل22)، تەنانەت کۆمۆنیستە عێراقیەکان دژی سەربەخۆیی کوردستان بوون، بە شێوەیەک لە ناوەڕاستی چلەکانەوە تاکو ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەیانگوت کورد نەتەوە نییە، توندتر لە ڕاسترەوە شۆڤێنییەکانی (عەرەب، تورک، فارس) دژی ئەو کوردانە دەوەستانەوە کە باسی سەربەخۆی کوردستانیان دەکرد، چونکە سەربەخۆیی کوردستانیان بە پیلانی ئیمپریالیزم دەزانی، لە کاتێکدا ئیمپریالیستەکان دژی هەموو جۆرە سەربەخۆییەکی کوردستان بوون (نەبەز 2، 1985، ل40_41).

جەمال نەبەز [1] کە رابەری فیکری ئەم ڕێبازە نوێیە دادەنرێت، لەم بارەیەوە نووسیویەتی (لە نیوەی یەکەمی پەنجاکاندا ڕەخنەمان لە سیستمی کۆمۆنیستی و سەرمایەداری دەگرت و وتووێژمان لەو بارەوە دەکرد و خۆمان بە قوتابخانەیەکی کوردی بۆ سۆشیالیزم دەزانی، لەبەرئەوەی نە لەگەڵ پارتی و نە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بووین، خەڵکی تێروانینی ئێمەی بە ڕێبازی سێیەم دادەنا، چونکە قسەکانمان لە قسەی پارتییەکان و کۆمۆنیستەکانی نەدەکرد)، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێبازی سێیەم وەک ڕێکخراو یان حیزب یان کۆمەڵە کاریان نەکردووە، بەڵکو وەک هاوڕێ زوو زوو یەکتریان بینیوە بیروڕایان گۆڕیوەتەوە و پەرتووکی جۆراوجۆریان خوێندووەتەوە (نەبەز، 2015، ل2). هەربۆیە لە دواsss ساڵی 1950 بە شێوەیەکی بەرچاو گفتوگۆیەکی بەردەوام دەکرا لەسەر ئەوەی کە گەلی کورد چ جۆرە ستراتیژ و شێوەخەباتێک هەڵبژێرێت، ئەم گفتوگۆیە باڵی بە سەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردا کێشابوو، نە رووناکبیرانی کورد نە هێزە کوردییەکانیش نەیانتوانی لەسەر ستراتیژێکی هاوبەش ڕێک بکەون (ئەمین، 2006، ل43)، ئەمە وایکرد لایەنگری ڕێبازی سێیەم وەک ڕێبازێکی هزری هەڵوێست و سەرنجە سیاسیی کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان لە قاڵبێکی فەلسەفیدا دەردەبڕی، لەمەوە قوتابخانەیەکی رووناکبیری کوردی دروست بوو کە بە **(قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم)** ناوی دەبرا[2]، هەر لەم قوتابخانەیەشەوە بیرێکی نوێ سەریهەڵدا کە بە بیری نەتەوەیی ناوی دەرکرد (نەبەز، 2010، 75).

## باسی دووەم/ کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد- کاژیک ١٩٥٩/٤/١٤

دەوڵەتی عێراق لە رووی سیاسییەوە سیستەمێکی پاشایەتی بەڕێوەی دەبرد، ئەم سیستەمە لەژێر پاشکۆیەتی دەسەڵاتی بەریتانیادا بوو، کە ڕێگەی نەدەدا بە چینی جووتیار و کرێکار بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی وڵات ئەم رژێمە سیاسییە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر تێکچووی بارودۆخی عێراق و دەرکەوتنی لایەنی بەرهەڵستکار، سەرەڕای هۆکارە ناوخۆییەکان لە رووی (کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە) هۆکارە دەرەکییەکانیش کاریگەر بوون لەسەر عێراق (الزبیدي، 1981، ص17_19). بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمووز بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی عێراقدا، چونکە رژێمی پاشایەتی و هەژمونی دەسەڵاتدارێتی بەریتانیای لە عێراق راماڵی و سەرەتایەیک بوو بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی لە عێراق دا (ئەندەرسن_ ستانسفێلد، 2008، ل61). سەبارەت بە دەستکەوتەکانی شۆڕش پەیوەست بە کوردەوە بریتی بوو لە مادەی سێیەمی دەستووری کاتی (کورد و عەرەب لە وڵاتدا هاوبەشن)(الدستور المؤقتة لعام 1958، ١٩٥٨، ص٥٧) جگە لەمەش مافی فەرهەنگی و کولتووری و چالاکی ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتییەکان لەگەڵ کاری پارتایەتی و گەڕانەوەی بارزانی و بەرزانییەکان (مەجید، 2012، ل124).

لە دوای گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق لە ٦ی تشرینی یەکەمی١٩٥٨ (ئەمین_ خۆشناو، 2012، ل129)، دوو ئاراستەی نەیار لە دەستەی سەرکردایەتی (پ.د.ک) سەری هەڵدا بوو، بە هۆی ئەو دوو ئاراستەیەوە دەسەڵاتی حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستاندا زیاتر پەرەی سەندبوو بە بەراورد لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی تری عێراقدا (عومەر، 2019، ل2014). لە هەمان کاتدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پێکهاتە نوێیەی سەرکردایەتییەکەی تەواو کەوتبووە ژێر کاریگەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەم قۆناغەدا پارتی نزیک بوو لەوەی کە سەربەخۆی خۆی لە دەست بدات (مام خول، 2013، ل83_84).

ئەو گۆڕانکاری و ململانێ سیاسی و فکریانەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز وای کرد ڕێبازی سێیەم دیدگا و بۆچوونیان لە باری تیۆرییەوە بگۆڕن بۆ پراکتیک، چونکە پێیان وابوو:

یەکەم- پرسی کورد لە ڕێگەی فیکری و پارتی کۆمۆنیستەوە چارەسەر ناکرێت و دەوڵەتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی سۆسیالیستی نییە (ئەمین، 2017، ل40).

دووەم- بە روخان و لەناوچوونی رژێمی پاشایەتی لە عێراق، کورد ناگات بە مافە نەتەوەییەکانی.

سێیەم- مەترسی لەناوچوونی ئەو نیمچە ئاراستە نەتەوەییە کە لەناو پارتی دیموکرات کوردستان هەبوو، ئەو کات تاکە پارتی کوردستانی بوو لە باشوور.

ئەمانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی ڕێبازی سێیەم خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کۆبکەنەوە (ژیر، 2021، ل96)، بۆ ئەو مەبەستەش (کامیل ژیر)[3]

داوا لە جەمال نەبەز دەکات بیروڕاکانیان لە بازنەی ڕێکخراوێکدا بەرجەستە بکەن، بۆ ئەوەی خەڵک ڕێگەی ڕاست و چەپ لێک جیابکاتەوە (ژیر، 2023، سلێمانی).

بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییەش جەمال نەبەز، کامیل ژیر ڕادەسپێریت بۆ بینین و گفتوگۆکردن لەگەڵ چەند کەسێکی نەتەوەیی کە ئەوانیش بریتیبوون لە( فایەق عارف[6]، ئیحسان عەبدولکەریم فواد[7]،ئەحمەد هەردی،[8]

فەرەیدون عەلی ئەمین،[9] عەبدوڵلا جەوهەر.[10]) دوای چەندین کۆبوونەوە سەرەنجام بە ڕەزامەندی جەمال نەبەز لە ماڵی ئەحمەد هەردی لە سلێمانی بڕیاری دروستبوونی پارتێکی نەتەوەی درا لە ١٩٥٨/٤/١٤(نەبەز، 2015، ل2_5) بە ناوی (کاژیک)[11] کورتکراوەی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد)ە(بیانات السیاسیة، سلسلە الوثائق الکاژیکیة باللغة العربیة، 1969، ص3).

کاژیک بە دروشمی (کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل) هاتە گۆڕەپانی خەباتەوە (الکاژیکنامة، 1971، ص1). مەبەستیش لەم دروشمە (کوردستان بۆ کورد) واتا سەروەری نەتەوەی کورد بە سەر کوردستانەوە لە جیاتی داگیرکەران (یەکسانی بۆ گەل) واتا گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی نایەکسانی ئاغا و مسکێنەوە بۆ هاونیشتیمانییەکی یەکسان لە دەسەڵاتدا، خەباتیش لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بوو (فەقێ، 2018، ل56).

لەگەڵ دامەزراندنی (کاژیک) ماڵی جەمال نەبەز دەبێتە جێگای گفتوگۆ و یەکتر بینینی دەستەی دامەزرێنەرانی کاژیک (نەبەز، 2015، ل8)، لە کاتی کۆبوونەوە و گفتوگۆکانیاندا بە شێوەیەکی بابەتی و ڕەخنەگرانە لە مێژووی کورد دراوسێکانی کوردیان کۆڵیوەتەوە هۆکاری سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکانی

کوردیان خستووەتە بەر باس و گفتوگۆ(نەبەز، 2015، ل9). یەکتربینین و کۆبوونەوەکانیان بە شێوازی پچڕپچڕ و ناوبەناو ماوەی دوو ساڵی خایاندووە.(١٩٥٩-١٩٦١)(ژیر، 2022، چاوپێکەوتن).

لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوە وتووێژانە بیریان لەوە کردووەتەوە سەرنج و بیر و بۆچوونیان لە چوارچێوەی کتێبێکدا بنووسنەوە و بیخەنە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش بیرورا و قسەکانیان لەلایەن جەمال نەبەزەوە دەخرایە سەر کاغەز و پاکنووس دەکرا دواتر بە پێشنیازی جەمال نەبەز ناو نرا کاژیکنامە.[12]

(کاژیکنامە) بەرهەمی بە کۆمەڵی دامەزرێنەرانی کاژیک بوو، بەڵام جەمال نەبەز ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە نووسینەوەی کاژیکنامەدا (ئەمین، 2006، ل52). چونکە لە ماڵی خۆیاندا بە تایپرایتەری عەرەبی کاژیکنامەی تایپ کردووە و بەشی تیۆری سۆسیالیزمەکەی لەلایەن جەمال نەبەزەوە نووسراوە، سەرەڕای ئەمانەش چاپی کوردی کاژیکنامەی بە دەستنووسی خۆی نووسیوە و چەند دانەیەکی لەبەرگرتووەتەوە (نەبەز، 2015، ل8_9).

کاژیکنامە بوو بە بنچینەی بیروباوەڕ و فەلسەفەی کاژیک، بۆ یەکەم جار بیری نەتەوەیی یان (قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم) دەستنیشان کرد. بوو بە یەکەم پەرتووکی فەلسەفی نووسراوی کوردایەتی لە مێژووی کورد. بەمەش توانی زیاتر بیروباوەڕی نەتەوەیی لە نێو کورد بڵاو بکاتەوە (فەق، 2018، ل57).

لە ڕووی نووسینیشەوە جەمال نەبەز هەمیشە لە هەوڵدا بووە بۆ خستنەڕووی بیری نەتەوەیی کورد و بڵاوکردنەوەی ئایدیایی کاژیک، کاتێکیش نامیلکەی شیعری (کوردایەتی) کامیل ژیر بڵاو کرایەوە لە ساڵی ١٩٦٠، پێشەکییەکەی لەلایەن جەمال نەبەزەوە بۆ نووسرابوو (ژیر، 1960ل٥-٢٣). بە وردی و هۆشیارییەوە شیکردنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کوردایەتییەکەی کامیل ژیر و ناوەڕۆکی نامیلکەکەی بە تەواوی بۆ خوێنەری نەتەوەکەی ڕوون کردبووەوە (سەراج، 2006، ل10).

جەمال نەبەز لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا دەیان نووسین و بابەتی جیاوازی هەبووە لە وەڵامی ئەو لایەنانەی کە دژ بە کوردایەتی و بیری نەتەوەیی بوون. هەرچەندە ئەو ماوەیەی کە لە کوردستاندا بوو (١٩٥٩-١٩٦٢) ماوەیەکی کەم بوو، بەڵام توانیویەتی لەناو کاژیک و هاوبیرانی کاژیک دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت.

جەمال نەبەز بە چوونە دەرەوە لە کوردستان لە ساڵی ١٩٦٢ و نیشتەجێبوونی لە ئەوروپا (ئەڵمانیا)، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دامەزرێنەرانی کاژیک و هاوبیرانی کاژیک لەناو کوردستانەوە دەپچڕێت و بێ ئاگا بوو لە کاروباری ڕێکخراوەیی کاژیک (ژیر، 2022، چاوپێکەوتن). لە بەرانبەریشدا دامەزرێنەرانی کاژیک بۆ ئەو ڕووداوانەی کە لە کوردستاندا ڕوویان دابوو پەیوەست بوون بە کاژیکەوە، هیچ پرس و ڕایەکیان بە جەمال نەبەز نەکردووە (نەبەز، 2015، ل101_107). لە دیارترین ئەو ڕووداوانەش یەکگرتنی کاژیک لەگەڵ (پارتی گەل) لە ٢٧ی ئازاری ١٩٦٤(ئاگرین، 2015، ل457). یەکگرتنەکە لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەیەکەوە ڕاگەیەنرا لە ژێر دروشمی (کوردستان بۆ کورد یەکسانی بۆ گەل)(فەق، 2018، ل60)، لە ژێر ناوی کاژیکدا درێژەیان بە خەبات دا (ئاگرین، 2013، ل38). دواتر کاژیک وەک ڕێکخستن بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کرد (بەرزنجی، بەبێ ساڵ، ل35). بەو مەبەستەی هاوبەشییەکی نەتەوەییانە لە شۆڕشەکەدا بکەن (ئاگرین، 2013، ل80).

لە ڕووی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەوە چەندین بەیانی جیاوازیان لە کاتی ڕووداوە سیاسییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.[13] لە بواری ڕاگەیاندنیش چەند گۆڤارێکیان دەرکردبوو وەک گۆڤاری (چرای کوردستان) کە زمانحاڵی (یەکێتی لاوانی نەتەوەی کورد) بوو، بە دروشمی کوردستانێکی یەکگرتوو- کوردێکی سەربەخۆ ( گ. چرای کوردستان، 1966، ژ26). گۆڤاری (نەوەی کورد) زمانحاڵی (یەکێتی قوتابییانی نەتەوەی کورد) بوو، بە دروشمی خوێندەوارییەکی کوردی-پەروەردەیەکی نەتەوەیی (گ. نەوەی کورد، 1965، ژ3).

بڵاوکراوە و کار و چالاکییە سیاسییەکانی کاژیک پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی جەمال نەبەز دەسەلمێنێت کە دەڵێت: (لە دوای ساڵی ١٩٦٤-١٩٦٥ کاژیک لە کوردستان هیچ جۆرە چالاکییەکی نەبووە و لە ڕووی نوسینەوە کاژیک یەک دێڕی بۆ نەخراوەتە سەر کاغەز لە کوردستان)**(نەبەز، 2015، ل86)**. لە کاتێکدا هاوبیرانی کاژیک لە ناوخۆی کوردستان ئاگایان لە بڵاوکراوەکانی ئەوروپا بووە، بە بەڵگەی ئەوەی گۆڤاری (نەوەی کورد) باسی لە (گۆڤاری خوێندکاری کوردی) کردووە و ئاماژەی بە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە دابوو (گ. نەوەی کورد، 1966، ل1).

سەبارەت بە کار و چالاکییە سیاسییەکانی جەمال نەبەز لە دەرەوەی وڵات هەرچەندە دابڕاند لە نێوان خۆی و دامەزرێنەرانی کاژیک هاوبیرانی کاژیک دروست بووبوو، بەڵام جەمال نەبەز بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی و ڕۆشنکردنەوەی ڕێبازی کاژیک. دیارترین چالاکییە سیاسییەکانی بریتیبوون لە دامەزراندنی (یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) (NUKSE) کە لە سەر ڕێبازی کاژیک بوو.

جگە لە دامەزراندنی (نوکسە) لە ڕێگەی جەوادی مەلا و (کۆمەڵەی خوێندکارانی نەتەوەی کورد) لە سوریا و لوبنان دامەزراند، لە ساڵی ١٩٧٢. ئەم کۆمەڵە بڵاوکراوەیەکیان بەناوی هشیاری(Hishyaryi) بڵاو کردووەتەوە و لەم ڕێگەیەشەوە لقێکیان بۆ کاژیک دامەزراند (الاتحاد القومي الطلبة الاكراد في سوريا، بەڵگەنامە، ژ1). دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە سەر داوا و ڕاسپاردەی جەمال نەبەز بووە (نەبەز، 2015، ل37). کارێکی گرنگی جەمال نەبەز پەیوەست بە (کاژیک) بریتی بوو لە دەرکردنی (بانگی کاژیک). وەک ڕۆژنامەیەکی کوردی فەلسەفی بیروباوەڕی کاژیکی بڵاو کردووەتەوە بە دروشمی (کوردستان بۆ کورد یەکسانی بۆ گەل) ژمارە(١)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٤ نیسانی ١٩٦٨ بڵاو کراوەتەوە (ڕ. بانگی کاژیك، 1968، ژ1). ئەم ڕۆژنامەیە پێنج ژمارەی لێ دەرچووە لەژێر سەرپەرشتی جەمال نەبەز لە ئەوروپا (تەنیا، 2010، ل42_43).

جەمال نەبەز بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و ڕێبازی کاژیک لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەرهەمێکی بە ناوی کاژیکەوە بڵاو کردووتەوە لەوانە: **چۆن هاوبیرێک بۆ کاژیک بە دەست ئەهێنین** کە باس لە ئەندامبوون دەکات لە ڕیزەکانی کاژیک (ڕەسول، 1968، ل4_8). بەرهەمێکی تری **حقيقة كاژيك**، وەک وەڵامێک بوو بۆ گۆڤاری (الثورة العربية)ی حیزبی بەعس نووسی بوو (حقيقه الكازيك، 1971، ص3). هاوکات کتێبی کاژیکینامەی وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی عەرەبی بەناوی **(الكاژيكنامة)**(الكازيكنامة، 1971، ص3). دوابەرهەمی بەناوی **(الكاژيك و نكسة الثورة الكردية)**، کە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی١٩٧٥ نوسیوە، لە دوای نووسینی ئەم پەرتووکەوە هیچ نووسین و بڵاوکراوەیەکی بە ناوی کاژیکەوە لە ئەوروپا بڵاو نەکردووەتەوە (نەبەز، 2015، ل103).

جەمال نەبەز لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٢-١٩٧٥) وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کاژیک بەردەوام لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی کاژیکدا بووە، بەڵام لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ بەهۆی نەبوونی چالاکی و هەڵوێست لەلایەن هاوبیرانی کوردستانەوە، بۆ هەرەسی شۆڕش خۆی پەیوەست نەکرد بە بڕیارەکانی کاژیک و وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ کارەکانی کردووە (نەبەز، 2015، ل103).

**تەوەری دووەم/ دامەزراندنی ڕێکخراوە خوێنکارییەکان لە دەرەوەی وڵات.**

**باسی یەکەم: یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا نوکسە. (NUKSE)**

ڕۆشنبیران و خوێندکاران وەک توێژێکی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی گرنگیان گرتووەتە ئەستۆ لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا کە بە سەر کۆمەڵگاکاندا دێت، شوێن و پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، لەم ڕوانگەوە بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەوروپا بەشێکی دانەبڕاوە لە بزووتنەوە و ئازادیخوازی گەلی کورد (عارف، 2012، ل18_26). بەهۆی دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا و ستەمی دەوڵەتانی سەردەست بەرانبەر بە نەتەوەی کورد هۆشیاریی نەتەوەیی لێ کەوتووەتەوە ئەم هۆشیارییە سەرەتا لای خوێندکاران و ڕۆشنبیران هەستی پێکراوە، ئەم دەستەیەش تا بۆی ڕەخسابێت ئەو شێوە سیستەم و سیاسەتەی ڕەت کردووەتەوە خەباتی لە دژی کردووە ئەگەر لەناوەوە هیچ بوارێکی بۆ نەمابێتەوە، ئەوا ڕووی لە تاراوگە کردووە و بە شێوازێکی تر خەباتی نەتەوەیی پەرەی پێداوە(ئەحمەد، 2008، ل14).

سەبارەت بە جەمال نەبەز و ڕۆڵی لە دامەزراندنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە بڕیاری چوونەدەرەوە بۆ ئەوروپا دەدات، هەرچەندە بە هۆی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی بوبونەوە وڵاتی سویسرا جێ دەهێڵێت، بەڵام پێش دەرچوونی لەو وڵاتە داواکارییەک ئاراستەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا(KSSE) دەکات،[14] بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندام لە کۆمەڵەکەدا، دواتر وەڵامی دەدەنەوە کە وەک ئەندامی کۆمەڵەی(KSSE) وەرگیراوە، دوای بەجێهێشتنی وڵاتی سویسرا لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری میونشن نیشتەجێ دەبێت، زۆربەی خوێندکارانی کوردی ئەو شارە ئەندامی (KSSE) دەبن، بەدەر لە هەندێک کوردیش کە سەربەخۆ بوون (نەبەز، 2015، ل22_23).

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (KSSE) هەشتەمین کۆنگرەی خۆی لە ڕێکەوتی٩-١٩٦٣/٨/١٥ لە شاری (میونیخ)ی ئەڵمانیای فیدراڵ بە بەشداربوونی (١٥٦) خوێندکار بەست (عارف، 2012، ل64). جەمال نەبەز وەک ئەندامی کۆنگرە بەشدار بووە، لە کۆنگرەکەدا لەسەر هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆچوونی خۆی دەربڕیوە و وتوویەتی:"نابێت ڕابردووی یەکێتی سۆڤیەتی دژ بە کورد لە بیری خۆمان ببەینەوە"، ئەم وتانەی هەڵایەکی گەورەی لەنێو کۆنگرەدا دروست کردووە و لەلایەن بەشێکی زۆر لە بەشداربوانی کۆنگرەوە ناڕەزایەتییەکی زۆریان بەرانبەری دەربڕیبوو (نەبەز، 2015، ل24).

لە ساڵی ١٩٦٤ جەمال نەبەز لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی (بروسکە ئیبراهیم، ئەحمەد نەقیب، تالیب ڕۆستەم فەیلی) دەگەنە ئەو باوەڕەی کە لە ڕێی (KSSE)وە هیچ خزمەتێک بە کێشەی کورد ناکرێت و پێویستە بیر لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی خوێندکارانەی نەتەوەیی بکرێتەوە (نەبەز، 2015، ل24_25)، ئەمە لە کاتێکدا بوو ژمارەیەک کوردی دیکەش بەنیازی خوێندن و گوزەران پەڕاگەندەی هەندەران بووبوون، بەشێک لەمانە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی بوون و بیر و هزریان لە چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرام و چالاکییەکانی کۆمەڵەی (KSSE) نەدەبینییەوە، کە خاوەن بیرۆکەی کوردستانی بوون و ڕەخنە و سەرنجیان لەسەر سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بووە بەرانبەر بە پرسی کورد نەیاندەویست ببنە پاشکۆی سیاسەتی زلهێزەکان (بەرزنجی، بەبێ ساڵ، ل3). سەرئەنجام جەمال نەبەز و هەریەک لە هاویران (بروسکە ئیبراهیم، ئەحمەد نەقیب، تالیب ڕۆستەم فەیلی) بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵێکی خوێندکاری دەدەن بە ناوی (یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا) ( national-union kurdosher studenten in Europa)  (NUKSE) لە ڕۆژی ٢١-٣-١٩٦٥ بوونی خۆی بە نووسین ڕاگەیاندووە و (بروسکە ئیبراهیم)[15] بوو بە سکرتێری کۆمەڵەکە (نەبەز، 2015، ل29_30).

دروشمی ڕێکخراوی نوکسە بریتی بوو لە (خەنجەر و پێنووس) بە واتای بە هێزی لەش و هێزی مێشک خەبات بۆ کوردستان دەکەین.[16] هەرچەندە (NUKSE) وەک ڕێکخراو سەربەخۆ بوو، بەڵام لەسەر ڕێبازی کاژیک دەچوو بەڕێوە ئەو ڕێبازەش بریتی بوو لە ئازادی و یەکسانی مرۆڤ (نەبەز، 2015، ل33). هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە بڕیاریان دا لە هەموو کۆبوونەوە و سیمینارکێدا بە مارشی کوردستان دەست پێ بکەن و بۆ هەموو خۆپیشاندانێک ئاڵای کوردستان لەگەڵ خۆیان ببەن (نەبەز، 2007، ل442). هەرچەندە ڕێکخراوی (NUKSE) بە ژمارە کەم بوون، بەڵام لە گۆڕەپانی کاردا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە (نەبەز، 2006، ل309).

کار و چالاکییەکانی (NUKSE) لەسەر بنەمای هێڵێکی گشتی بوو کە خۆی دەبینییەوە لە:

یەکەم/ خستنەڕو و ڕۆشنکردنەوەی بیری نەتەوەی کورد لە ئەوروپا(نەبەز، 2007، ل295).

دووەم/ پەیداکردنی دۆست بۆ پرسی کورد لە نێو ئەوروپییەکاندا.

سێیەم/ بەرگری لە شۆڕشی کورد و مافی نەتەوەی کورد(نەبەز، 2006، ل309).

کۆمەڵەی خوێندکارانی (NUKSE) ئایدیا و کار و چالاکییە سیاسییەکانیان زیاتر لە ڕێگەی کۆڕ و سیمینار و نووسینی پەرتوکەوە خستووەتە ڕوو. پشتبەستن بە دەرکردنی چەند ڕۆژنامەیەک کە خۆیان خاوەندارێتیان کردووە لەوانە:

یەکەم/ خوێندکاری کورد- میوشن.

یەکەم ژمارە لە ١٩٦٦/٢/١ بە زمانی کوردی کرمانجی خوارو دەرچووە، ئەم ڕۆژنامە (٢٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە کۆتا ژمارەی لە ٢٨/ ٨/ ١٩٧٥دا بڵاوکراوەتەوە.

دووەم/ KURDISTAN INFORMATION کوردستان ئینفەرماسیۆن- میوشن ١٩٦٦.

یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٦/٤/٢٤ دا دەرچووە بە زمانی ئەڵمانی. تەنها سێ ژمارە لێ دەرچووە (تەنیا، 2010، ل40_41).

ڕێکخراوی (NUKSE) یەکەم ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد توانیویەتی داخوازینامەیەکی سیاسی ئاراستەی سەرۆکی ئەو کاتەی سۆڤیەت (ئەلیکس گۆسگین) بکات لە ١٩٦٦/٣/٣٠ لە داخوازینامەکەیاندا بارودۆخی عێراقیان لە ڕێی مێژووی سیاسییەوە هەڵسەنگاندبوو، داوایان لە یەکێتی سۆڤیەت کردبوو، کە چەک بە حکومەتی عێراق نەدات تا ئەو کاتەی کێشەی کورد چارەسەر دەکەن (نەبەز3، 2007، ل180). لە هەمان ساڵ دا خۆزینامەیەکی تریشیان ئاراستەی سەرۆکی ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (لیندۆن بێنس جۆنسن) کرد لە ١٩٦٦/٤/٢٤ داوایان کردبوو ئەمریکا یارمەتیی حکومەتی عێراق نەدا بەڵکو دۆستایەتی بەرانبەر کورد پیشان بدات (نەبەز، 2015، ل33).

بەدەر لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامانە کار و چالاکییەکانی (NUKSE) لە ڕووی کۆڕ و سیمینار و نووسینی کتێب بە زۆری لە لایەن جەمال نەبەزەوە بوو، دیارترین ئەو بەرهەمانەش کە لەو قۆناغەدا نووسیویەتی بریتین لە:

یەکەم- (حول المشكلة الكردية) سەبارەت بە کێشەی کورد، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٩٦٨ بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە توێژنەوەیەکی بابەتیانەیە لەبارەی کێشەی کورد لە دیدگای پارتە کوردی و عەرەبییەکان لە ڕوانگەی ئەدەبیات و گوتاریانەوە (نبز، 1969، ص1).

دووەم- MAM und ZIN مەم و زین، ئەم بەرهەمە وەرگێڕانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بۆ زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٦٩ بڵاوکراوەتەوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوە و ئەدەبیاتی کوردە لە ئەوروپا (MAM und ZIN، 1994, p).

سێیەم- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لە کوردستانەوە، بە زمانی ئەڵمانی ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە (نەبەز، 2015، ل32).

چوارەم- کوردستان و شۆڕشەکەی، بە شێوەی زنجیرەگوتار لە چوارچێوەی کۆڕ و سیمیناردا لە ساڵی ١٩٧١ لەبەرلینی خۆرئاوا بۆ کورد و دۆستانی کورد خوێنراوەتەوە، دوانیان بە شێوەی کتێب بە زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاو کراوەتەوە (نەبەز3، 2007، ل7).

پێنجەم- چیرۆکی زارەکی کوردی، بە زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاودەکراوەتەوە (نەبەز، 2015، ل32).

شەشەم- زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێکە لە بەرهەمە گرنگەکانی جەمال نەبەز لە بواری زمانەوانی کە تایبەتە بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٧٦ بڵاو کراوەتەوە (نەبەز، 1976، بەبێ لاپەڕە).

سەرجەم بەرهەم و کوڕ و سیمینارەکانی نەبەز ئەرک و تێچوی مادی لە ئەستۆی خۆی و بروسکە ئیبراهیم بوو، لە هەمان کاتیشدا وەک بەرهەمی (نوکسە) بڵاو کراوەتەوە (نەبەز، 2015، ل32).

ڕێکخراوی (یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) (نوکسە) لە کار و چالاکییە سیاسی و فیکرییەکانی بەردەوام بوو تاکو ساڵی ١٩٧٧، بەڵام بەهۆی ڕوداوەکانی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بە شێوەی فەرمی هەڵوەشاوەتەوە (نەبەز، 2015، ل52).

## باسی دووەم/ ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا سۆکسە(SOKSE).

دوابەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول بارودۆخێکی ئاڵۆز و نائاسایی و دژوار باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو ئەو بارودۆخەش نەک تەنیا لە باشووری کوردستان (عومەر، 2002، ل70). بەڵکو کاریگەریشی لەسەر ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەوروپا هەبوو (ئەحمەد، 2008، ل28)، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانە بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی هەرەسی شۆڕشەوە دوچاری پەرت و لێکترازان بوو (عارف، 2012، ل83). دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد هاتە کایەوە، ئەویش کۆتاییهاتن بوو بە تاک حیزبی و سەرهەڵدانی چەندین هێز و ڕێکخراوی جیاواز لە باشووری کوردستان. ئەم فرەحیزبییەی کە لە ناوخۆی کوردستان هاتە کایەوە (موستەفا، 2013، ل129)، بووە هۆی دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەی خوێندکاری جیاواز لە ئەوروپا کە سەر بەو حیزبانە بوون.

دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە خوێندکارانە کە هەر یەکەیان سەر بە پارتێک بوو دژایەتی و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست بوو بە تایبەت ناکۆکی نێوان کۆمەڵەی (AKSA) کە کۆمەڵەیەکی خوێنکاری بوو لە ساڵی (١٩٧٦) لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا پێکهات و کۆمەڵەی (KSSE) کە سنووری تێپەڕاندبوو، وە هەردولایش دژی(NUKSE) بوون. ئەمە وای کرد ژمارەیەک خوێندکار لە هەردوولا نارەزایی و بێزاری خۆیان دەربڕن لەو شێوازە کارکردنە، چونکە پێیان وابوو پێویستە کۆمەڵەخوێندکارییەکان خزمەت بە ئامانجەکانی خوێندکاری کورد بکات و دوور بێت لە هەموو جۆرە حیزبایەتییەک. کۆمەڵەی خوێندکاری (نوکسە) داوای لەو خوێندکارە نارازییانە کرد کە لە ڕیزی ئەواندا کار بکەن، بەڵام ئەوان پێیان باش بوو کە کۆمەڵەکی نوێ دابمەزرێنن، کە سەربە هیچ کۆمەڵەیەکی خوێندکاری نەبێت کۆمەڵەی (نوکسە) بیرۆکەکەیان پێ باش بوو، هەربۆیە لەسەر داوای ئەو خوێندکارانە و ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی هاتبوونەوە کایەوە، کۆمەڵەی (نوکسە)یان لە ١٩٧٧/٩/٣ بە فەرمی هەڵوەشاندەوە (نەبەز، 2015، ل51_52).

ئامانج لە هەڵوەشاندنەوەی (نوکسە) بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی خوێندکاری دوور لە حیزبایەتی بوو، بەڵام ئەم ئامانجە دوای هەڵوەشاندنەوەی نەهاتە دی(نەبەز، 2015، ل52)، ئەمە بۆشاییەکی ڕێکخراوەی دروست کرد بۆ ئەو کەس و خوێندکارە کوردانەی سەر بە ڕێبازی بیری نەتەوەیی بوون، چونکە بۆیان سەخت بوو وەک کەسێکی نەتەوەیی لە ڕێکخراوێکی خوێندکاری وابەستە بە حیزبێکی چەپەوە کار بکەن، لەم ڕوانگەوە (پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک)[17] کە لە ڕووی فیکرەوە لەسەر ڕێبازی کاژێک بوو بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خوێندکاری کردەوە بۆ ئەندام و لایەنگرانی لە ئەوروپا (بەرزنجی، بەبێ ساڵ، ل5). بۆ ئەم مەبەستەیەش لە ڕێگەی (کوردۆ عەلی)یەوە داوا لە جەمال نەبەز کرا دوبارە ڕێکخراوی (نوکسە) دابمەزرێنێتەوە، بەڵام جەمال نەبەز داواکەی ڕەت کردبوویەوە،[18] بەڵکو پێشنیازی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێی کردبوو لەسەر ڕێبازی (نوکسە).[19]

دوای چەند جارێک داواکردن لە جەمال نەبەز بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ دواجار ڕەزامەندی دەردەبڕێت، لە بارەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە وتویەتی:"لەسەر ڕۆشنایی بەرنامەی (نوکسە) و بەپێی ڕەچاوکردنی بارودۆخی نوێ پرۆگرامی کۆمەڵەیەکی خوێندکاریمان بە سێ زمانی کوردی عەرەبی ئەڵمانی نووسییەوە بە ناوی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا(Sozialistische Organisation Kurdischer In Europa) کە کورتکراوەی سۆکسە"یە (نەبەز، 2016، ل63_65). ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکەوتی ١١ ئەیلولی ١٩٨٠ بە فەرمیی خۆی بەیان کرد و (کوردۆ عەلی)[20]، بوو بە سکرتێری ڕێکخراوەکە (فەق، 2018، ل136).

ڕێکخراوی (سۆکسە) وەک ڕێکخراوێکی خوێندکاری هاتە کەیاوە بۆ ڕێنوێنیکردنی خوێندکاران و ئاشناکردنیان بە چۆنیەتی ژیان لە ئەوروپا و ڕێزگرتن لە کاروباری ناوخۆی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا دوور لە هەموو جۆرە حیزبایەتییەک لەناو ڕێکخراودا (نەبەز، 2015، ل67). دروشمی ڕێکخراوەکەیش بریتی بوو لە (خوێندەوارییەکی کوردانە پەروەردەیەکی سۆسیالیستانە)(گ. خوێندکارانی کورد، 1986، ژ5) لە ڕووی ڕاگەیاندنیشەوە (سۆکسە) خاوەنی چەند گۆڤارێک بووە بە ناوەکانی:

١- گۆڤاری خوێندکاری کورد، ئەم گۆڤارە سەرەتا زمانحاڵی ڕێکخراوەکە بوو بەڵام دواتر گۆڕا بۆ گۆڤارێکی گشتی(فەق، 2018، ل137)، (٢٨) ژمارەی لێ دەرچووە یەکەم ژمارەی لە کانونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە، ژمارە (٢٨) دوا ژمارەی گۆڤارەکە بوو لە ساڵی٢٠٠١ لە بەرلین دەرچووە (تەنیا، 2010، ل51_52).

٢- گۆڤاری (تروسکە) لەگەڵ (Kurdistan Aktuell)، تروسکە یەک ژمارەی لێ دەرچووە لە ١٩٨/٣/١ (بەرزنجی، بەبێ ساڵ، ل16)، بەڵام (Kurdistan Aktuell)، بە زمانی ئەڵمانی سێ ژمارەی لێ دەرچووە ژمارە یەکی لە کانوونی دووەمی ١٩٩٠دا دەرچووە (تەنیا، 2010، ل79).

بەدەر لە دەرکردنی گۆڤار و چالاکییەکانی تری (سۆکسە) لە دیارترین ئەو کارانەی کە ڕێکخراوی (سۆکسە) ئەنجامی دەدا بریتی بوو لە سازکردنی کۆڕ و سمینار بۆ جەمال نەبەز، ئەمەش ناوبانگی (سۆکسە) زۆر بردە پێشەوە لە نێو ڕێکخراوە خوێندکارییەکاندا. لێرەدا ئەو سیمینارانەی جەمال نەبەز دەخرێتە ڕوو کە لە چوارچێوەی سۆکسەدا پێشکەشی کردوون.

١- یەکەمین سیمیناری بۆ سۆکسە لە ١٩٨٣/٩/٢٣ بوو بە ناونیشانی (ناکۆکی نێوان ڕیزەکانی گەلی کورد و خاوکردنەوەی) پێشکەشکردنی ئەم سیمینارە هاوکات بوو لەگەڵ کۆنگرەی دووەمی سۆکسە (نەبەز، 2015، ل68).

٢- (بیری نەتەوەیی کوردی) نە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژئاوایی یە، ئەمە ناونیشانی وتارێکی سیمیناریە کە ڕۆژی شەممەی ١٩٨٤/٨/١٨ دا لە ستۆکۆڵم-سوێد خوێنراوەتەوە بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی سۆکسە کە لە ١٨-١٩ی ئابی ١٩٨٤ (نەبەز، 2002، بەبێ لاپەڕە).

٣- (دۆزی ناسیۆنالیزمی کورد) وتارێکی سیمینارییە کە لە ١١ ئایاری ١٩٨٥ دا لە ستۆکۆڵم لە کۆبوونەوەی کوردە ئاوارەکانی دانیشتووی سوێد خوێندراوەتەوە (نەبەز، 1985).

٤- (پێوەنداریەتی کورد) کورد کێ یە و کوردبوون مانای چی؟ وەکو وتارێکی سیمیناری لە ڕێکەوتی ١٩٨٥/١٢/٢٧ لە کۆپنهاگن بۆ کوردەکانی دانیشتووانی دانیمارک خوێنراوەتەوە (نەبەز، 1986).

٥- (هەندێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردی ناسیۆنالیزم) ئەم ناونیشانەوە وەک پەرتووک لە ١٩٨٤ بڵاو کراوەتەوە وەک بڵاوکراوەی (سۆکسە)(نەبەز، 1984).

ئەم سیمینارانە هەموویان کراونەتە نامیلکە و پەرتووک لە سەر ئەرکی مادی جەمال نەبەز بە ناوی (سۆکسە)ەوە بڵاو کراوەتەوە (نەبەز، 2015، ل7). بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە کارکردن لەگەڵ (سۆکسە) تا ئەو کاتەی گەلێک ناکۆکی قوڵ لە نێوان جەمال نەبەز و زۆرێک لە ئەندامانی سۆکسە دروست دەبێت، لە بارەی چۆنێتی بەڕێوەبەردنی ڕێکخراوەکەوە، لە خاڵە ناکۆکییەکانی نێوانیان وەک:-

١- سکرتێری ڕێکخراوی سۆکسە دەیویست سۆکسە وەک ڕێکخراوێکی سەر بە پاسۆک کار و مامەڵە بکات.

٢- بەشی زۆری ئەندامانی سۆکسە (پاسۆک) بوون و دەیانویست لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەدا یەک بگرن بە ڕێنمایی پاسۆک.

٣- پێیان وا بوو هەموو ڕێکخراوێک پێویستە سەر بە پارتێکی دیاریکراو بێت لەناو کوردستان.

٤- بەڵام جەمال نەبەز بە تەواوی دژی ئەو بۆچوونانەی ئەندامانی (سۆکسە)بوو بەڵکو دەیویست (سۆکسە) سەربەخۆ و سەربە هیچ پارتێک نەبێت ئازاد بێت لە بیرکردنەوەی کاری ڕیکخراوەیی[21].

سەرئەنجامی ئەو ناکۆکیيانەی نێوان جەمال نەبەز و ئەندامانی ڕێکخراوی سۆکسە گەیشتە ئەو حاڵەتەی لە کۆنگرەی پێنجی ڕێکخراودا کە لە ٥-١٩٨٦/٧/٧ بەسترا بڕیاریان دا جەمال نەبەز لە ڕێکخراو دوور بخەنەوە و دایبڕن لە (سۆکسە)( بڕیارە ناوخۆییەکانی کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوی سۆکە، بەڵگەنامە، ل12). هەرچەندە دوای کۆنگرە لە ڕۆژانی ٢٥-١٩٨٦/٧/٢٧ چەند هاوبیرێک لە شاری هانۆڤەر لە ئەڵمانیا بە ئامادەبوونی چەند کەسێک کۆنگرەیەکیان بەست و بە بەیاننامەیەک (سۆکسە)یان هەڵوەشاندەوە، بەڵام ڕێکخراوی سۆکسە تا ٢٠٠٥/٤/٢٢ درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دا (بەرزنجی، بەبێ ساڵ، ل12).

## ئەنجام:

1_ بەهۆی ململانێی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پرسی کورد، هزر و بیرێکی نوێ لە ناوەراستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە کوردستان دەرکەوت بەناوی ڕێبازی سێیەم، ئەم ڕێبازە دژی بیری کۆمۆنیزم و حیزبی شیوعی عێراق بوو، لە ڕوی ڕێبازی نەوەتەوەیشەوە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورستان ناکۆک و دژ بوو.

2_ لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، ڕێبازی سێیەم هزر و بیری سیاسیان لەباری تیۆرییەوە گۆڕی بۆ باری پراکتیک و کۆمەڵەیەکیان بەناوی (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد-کاژیک) لە ١٤ی نیسانی ١٩٥٩ دامەزراند. جەمال نەبەز ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دامەزراندی کاژیکدا و بە ڕابەری تیۆری و فیکری ڕێبازی سێیەم و کاژیک دادەنرێ.

3_ جەمال نەبەز لەسەر ڕێبازی کاژیک ڕێکخراوێکی بەناوی (یەکێتی نەتەوەیی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا-نوکسە) لە ٢١ی ئازاری ١٩٦٥ دامەزراند، کە دووەم ڕێکخراوی خوێنکاری کورد بوو لە ئەوروپا.

4_ دامەزراندنی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لەلایەن جەمال نەبەز، پێویستییەك بوو بۆ ئەو خوێندکارە کوردانەی کە لە ژێر کاریگەری ڕێبازی بیری نەتەوەیی کورددا بوون و ئامادە نەبوون لەو ڕێکخراوە کوردییانەدا ببن بە ئەندام کە لە ژێر هەموونی بیری چەپڕەویدا بوون.

5_ جەمال نەبەز لەماوەی نێوانی ساڵانی (1959_ 1986) لە دوو ڕیکخستنی سیاسی جیاوازدا دید و هزری سیاسیی خۆی خستوەتەڕوو، لە ساڵانی (1959_ 1975) وەك دامەزرێنەر و هاوبیر لەناو (کاژیك)دا بووە، هەروەها لە ساڵانی (1965_ 1986) لەنێو ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد لە ئەوروپا(نۆکسە و سۆکسە) لە کاردا بووە.

## پەراوێزەکان:

[1] جەمال نەبەز. ناوی تەواوی جەمالەدین کوڕی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغایە لە ١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی دواناوەندی لە شاری سلێمانی خوێندووە لە ساڵی (١٩٥٥) بەشی فیزیا لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا تەواو دەکات لە ماوەی ساڵانی(١٩٥٥-١٩٦١) مامۆستا بۆ لە شارەکانی (کەرکوک، بەسرە، بەغدا، هەولێر) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کاژێک. لەسەر بیرۆکە و ڕاسپاردەی جەمال لەبەز لە ١٩٥٩/٤/١٤ لە شاری سلێمانی پارتی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد-کاژێک دامەزرا لە ٩ی مایسی ١٩٦٢ وڵات بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەوروپا و دەڕواتە سویسرا هەر لەو ساڵاندا لەوێوە دەڕواتە ئەڵمانیا و نیشتەجێی دەبێ لە ١٩٦٥/٣/٢١ لەگەڵ چەند هاوبیرێکی ڕێکخراوی یەکێتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا نەکسە دادەمەزرێنێ ساڵی ١٩٦٩ بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری مێژوودا بە دەست هێناوە لە ماوەی ساڵانی(١٩٦٥-١٩٧٥ ) بەدەر لە کار و چالاکارەکییەکانی نوکسە بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوەی ڕێبازی کاژێک بە نووسین و کۆڕ و سیمینار، دواتر لە ١١ی ئەیلولی ١٩٨٠ (ڕێکخراوی

خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا سۆکسە) دادەمەزرێنێت و تاکو ساڵی ١٩٨٦ کار دەکات لە ڕێکخراوەکەدا،خاوەنی چەندین کۆڕ و بڵاوکراوەی زانینە، دەیان کۆڕ و سیمیناری سازکردووە لە بارەی پرسی کوردەوە لە ئەوروپا، لە ٢٠١٨/١٢/٨ لە وڵاتی ئەڵمانیا و شاری بەرلین کۆچی دوای دەکات تەرمەکەی دەهێنرێتەوە کوردستان و لە گردی سەیوان دەنێژێت. وەرگیراوە لە: جەمال نەبەز بیرەوەرینامە ئەو ڕۆژانەی جارێکی دی ناگەڕێنەوە، چ١ چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٢٧-٣٠؛ جەمال نەبەز، ڕۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا، چ١ چاپخانەی دانیا، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، ١٩٩٩، ل٤-١٠؛ جەمال نەبەز، باسنامە چەند گوژمێکی جوڵانەوەی کردە و بەسەرهاتم، هەولێر باشوری کوردستان،٢٠١٢، ل١٠-٤٥؛ جەمال نەبەز، کاژیک پێشخان و پاشخانەکانی، چ١ سلێمانی ٢٠١٥، ل٢٥-٨٥؛ جمال نبز، تصريحات هامة المفكر الكردي جمال نبز، منشورات كوردنامە، لندن، ١٩٩٦، ص30-80.

[2] دەربارەی بنچینە فەلسەفەییەکانی قوتابخانەی کوردی سۆشیالیزم، بڕوانە: جەمال نەبەز هەندێ لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردی سۆشیالیزم، بەرگی یەکەم، سوید، 1984.

[3] کامیل نیزامەدین جەلال- کامیل ژیر. لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە سەرەتای کاری سیاسی ئەندام بووە لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٨-١٩٥٨). یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کاژیک لە١٩٥٩/٤/١٤ لە شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٧٤-١٩٧٥) دادوەر بوو لە شۆڕشی ئەیلول. دەرچوی بەشی کۆلێژی مافە لە زانکۆی بەغدا. ئێستا لە شاری سلێمانی دەژی. چاوپێکەوتن لەگەڵ کامیل ژیر.٢٠٢٢/٣/١٣

[4] فایەق عارف غەفور. لە١ی تەمووزی ١٩٣٣ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە لە ساڵی (١٩٥٠-١٩٥١) خانەی مامۆستایانی بەشی کیمیای لەزانکۆی بەغدا تەواو کردووە و یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کاژیک لە١٩٥٩/٤/١٤ لە شاری سلێمانی. لە ١١ی شوباتی ٢٠٢٢ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng

[5] ئیحسان بەگی حەمە بەگی قادر پاشا ناسراو بە ئیحسان فواد. لە ساڵی ١٩٥٣ لەخانەی مامۆستایان بەشی ئینگلیزی وەردەگیرێت لە ساڵی ١٩٥٧ دەبێتە مامۆستا. یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کاژیک لە١٩٥٩/٤/١٤سلێمانی لە ساڵی ١٩٦١ بە مەبەستی خوێندن دەڕوات بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە شاری مۆسکۆ پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە عێراق لە دوای ڕاپەڕینی ئازادی ١٩٩١ دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی ٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: زانا فەقێ، س.پ، ل٥٣.

[6] ئەحمەد هەردی. لە ساڵی ١٩٢٢ شاری سلێمانی لە دایک بووە ساڵی ١٩٤١ بووە بە مامۆستا لە قوتابخانە سەرەتایەکاندا. دەستەی دامەزرێنەرانی کاژیکە کە لە ١٩٥٩/٤/١٤ لە ماڵەکەی خۆیدا بڕیاری دامەزراندنی درا بۆ ماوەیەک سکرتێری پاسۆرد بووە لە ساڵی ١٩٥٨ وازی لە پاسۆکێ هێنا و وەکو کەسێکی سەربەخۆ ماوەتەوە ٢٩ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: زانا فەقێ، ل٥٣.

[7] فەرەیدون عەلی ئەمین لە ٩ی شوباتی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە لە ساڵی ١٩٥٣ خانەی مامۆستانی لە بەغدا تەواو کردووە و یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کاژیک لە١٩٥٩/٤/١٤لە شاری سلێمانی لە شۆڕشی ئەلیودا دەبێتە پێشمەرگە تا کۆتایی شۆڕش دواتر لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٩) مامۆستا بووە لە بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا. ٢٥ی ترشینی دووەمی ١٩٩١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: زانا فەقێ، ل٥٣-٥٤.

[8] عەبدوڵڵا جەوهەر(عەبدوڵڵا تۆفیق ئاغای جەوهەر سلێمان) لە ساڵی ١٩٢٠ لە ناوچەی قەرەداخ لە دایک بووە و پاش تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی دەچێتە کەرکووک و لەو ساڵەدا لەگەڵ چەند کەسێک کۆمەڵەی (قوتابییانی دادگەر) دادەمەزرێنن، یەکێکە لە دامەزراندانی کاژیک لە شاری سلێمانی لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨٢ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە: زانا فەقێ، ل٥٤.

[9] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کاژیک بڕوانە؛ زانا فەقێ، پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک(١٩٧٥-١٩٩١)، چ١، ٢٠١٨

[10] بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ناوەڕۆک و بنەما هزریەکانی کاژیکنامە بڕوانە کاژیکنامە، چ٥، کوردستان، ٢٠٢١.

[11] بۆ دەقی بەیان و بڵاوکراوەکانی کاژیک بڕوانە: عەبدوڵا ئاگرین، مێژوی شکۆداری کاژیک، س.پ، ل١٤٤-١٧٢

[12] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (KSSE) بڕوانە عارف ڕوشدی س.پ.

[13] بروسکە ئیبراهیم. لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە لە ساڵی ١٩٦٢ ئەچێتە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری میونشن، بڕوانامەی ئەندازیاری شارستانی وەرگرتووە، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی خوێندکاری نەتەوەی کورد لە ئەوروپا).

[14] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە (٢) لە پاشکۆی بەڵگەنامەکان.

[15] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پاسۆکەوە بڕوانە: زانا فەقێ، (پارتی سۆسیالیستی کورد-پاسۆک)س.پ.


[16] هۆکاری ڕەتکردنەوەی داواکەی بۆ لایەنی قانوونی وڵاتە ئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە چونکە بە پێی یاسای ئەو وڵاتە هەر ڕێکخراوێک خۆی هەڵوەشاندەوە تەنیا مافی ئەو کەسانەیە کە دایانمەزراندووە دروستی بکەنەوە لە ئێستا کەس ئامادەیی دووبارە دابەزاندنەوەی نۆکسەی نییە بڕوانە: جەمال نەبەز، کاژیک-پێشخان و پاشخانەکانی...، ل٦٤

[17] دامەزاندنی ئەم ڕێکخراوە نوێیە بەپشتیوانی جەمال نەبەز و بروسکە ئیبراهیم بووە، واتا بروسکەی ئیبراهیم وەک جەمال نەبەز بەشدار بووە لە نوسینی پرۆگرامی ڕێکخراوەکە بڕوانە جەمال نەبەز، کاژیک-پێشخان و پاشخانەکانی...، ل٦٤-٦٥.

[18] کوردۆ عەلی- سەروەر محەممەد ئەمین. ساڵی ١٩٥٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە لە ساڵی ١٩٧٤ بووەتە پێشمەرگە و دواتر چووەتە دەرەوەی وڵات، لە نەمسا نیشتەجێ بووە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردیدا ئەندام بووە لە ڕیزەکانی پاسۆکدا لە ٢٠١٦/١٢/١٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە. وەرگیراوە لە کەناڵی ڕووداو. ٢٢ی دیسەمبەری٢٠١٦.

[19] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان جەمال نەبەز و (سۆکسە) بڕوانە: هەڵۆبەرزنجی، کورتەیەک لە مێژووی سۆکسە، س.پ، ل٤-٥؛ جەمال نەبەز، کاژیک، پێشخان و پاشخانەکانی...، س.پ ، ل٦٣-٦٥.

## پاشکۆی بەڵگەنامەکان:



منهـــــــاج

الاتحـاد القومـي للطلبـة الاكـــراد في سـوريـة

:ـ

كيل اتحاد طلابي نقابي قومي ينير الطريق لجماهيرنا الطلابية الكردية في ضرورة حتمية تتطلبها الطلابية والارادة القومية فبعد عدة اجتماعات واتصالات وضعت اللجنة التأسيسية مشروع منهاج القومي للطلبة الاكراد في سورية بتاريخ ٢١ آذار ١٩٧١م واقره المؤتمر الاتحادي الاول في ١٩م الموافق في ٢٥٨٣ كردي ، على النحو التالي :ـ

ا القومي للطلبة الاكراد في سورية منظمة طلابية نقابية قومية تناضل لتحقيق اهداف الطلبة الاكراد حقوق الشعب الكردي القومية عامة ، ويؤمن الاتحاد بقوة الجماهير الكردية في سبيل البلوغ .

من الاتحاد بحق كافة الشعوب في تحررها وينادي بصداقتها والتعاون مع المنظمات الطلابية لجميع الشعوب المضطهدة والتي تعاني من مشكلة الاغتصاب والتجزئة كشعبنا الكردي .

هذا فان الاتحاد يناضل من اجل :ـ

ـ على الحقوق الثقافية والاجتماعية والسياسية للشعب الكردي في سورية .

كافة المخططات العنصرية التي من شأنها الاذابة والتعرض للشعب الكردي كـ( الحزام العربي ) .

الشخصية الكردية ، وذلك يتم باحياء وتطوير التراث القومي للشعب الكردي في كافة

ت ( اللغة ـ التاريخ ـ الموسيقى ـ الرقص ـ الدبكة ـ الغناء والازياء الكردية ) .

ع على كافة القوى الكردية والمنظمات القومية الشقيقة .

حقوق الشعب الكردي للحكومات والاحزاب العربية والاجنبية .

التعاون المادي بين الطلبة الاكراد .

م بمشاكل الطلبة الاكراد الدراسية وتوطيد الصلات فيما بينهم .

وسيع المعرفة والتعليم والثقافة في المجتمع الكردي وازالة الامية عن طريق :ـ

فتح مدارس يجري التعليم فيها باللغة الكردية سريا وعلنيا حسب ظروف المنطقة .

حث الشعب على ارسال ابنائه للمدارس .

ـ فتح مكتبة كردية تضم جميع الثروات الثقافية الكردية .

تشجيع المواهب الفنية وتبادل الوفود المسرحية والتمثيلية بشكل يعكس المظهر القومي للشعب الكردي .

ارسال البعثات من الطلبة للدراسة في الخارج .

مساعدة الطلبة المشردين من اجزاء كردستان بسبب نضالهم السياسي ( كورد ايتي ) ماديا ومعنويا .

ح التعاون والصداقة بين الطلبة الاكراد وطلبة البلدان الاخرى والاتصال بالمنظمات الطلابية ية والعالمية ضمن الاهداف والمصالح المشتركة .

الاتحاد مجلة شهرية باللغة الكردية باسم ( هشياري ) .

ت الحركة التحررية الكرديـــة .

ت الحركة الطلابيـــة الكرديـــة .

ـ الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في سورية طليعة صامدة للاهداف الطلابية والقومية المشروعة .


١٩٧٢م = ٢٥٨٣ كردي

اللجنـــة الاداريـــة العـامـــة

للاتحـــاد القـومــي للطلبـــة الاكـــراد في سـوريـة




**بەڵگەنامەی ژمارە (2)**



بڕیارە نهێنییەکانی کۆنگرەی پێنجەمی ڕێکخراوی

خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ـ سۆکە ـ

کۆنگرە بڕیاری دا کە ( سۆکە ) پێویستە دروست بەیڕەوی سیاسەت و ڕێبازو ( نهج )ی دیاری و دیاریکراوی سەرکردایەتی ( پاسۆک ) بکات و قاوێنەی بالانسای پێشمەرگەکانی کوردستان بێت .

.کۆنگرە بڕیاری دا کە کاک ( جەمال نەبەز ) و ئەوانەی خۆیان پێوە هەڵواسیوە، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بیروڕای ڕێکخراوەکەماندا ناگونجێن ... بۆیە پەڕکردنیان بووە پێویستیەکی موضوعی، هەر بۆیە ( سۆکە ) بەرپرسیار نییە لە هیچ یەکێک لەو نووسینانەی ( جەمال نەبەز ).

٣ـ کۆنگرە بە زوربەی دەنگ بڕیاری دا کە ( ئارم و دروشمی ) ڕێکخراو بگۆڕێ بەو شێوە ( ئارم و دروشم )ەی کە زیاتر ( تعبیر ) لە ڕاو بۆ چون و بیری ڕێکخراو دەکات .

٤ـ کۆنگرە بە زوربەی دەنگ بڕیاری دا لەسەر دامەزراندنی لیژنەی ڕۆشنبیری کە هەمان لیژنە سەرپەرشتی ( خوێندکاری کورد ) دەکا ... و هەوڵی زیاتر فراوان کردن و دەوڵەمەند کردنی باسەکانی دوو توێی خوێندکارو بڕیاردان لەسەر هەندێ گۆڕان لەبەرگی ( خوێندکاری کورد ) دا .

٥ـ کۆنگرە بڕیاری دا کە پێشانگای هونەری بە ناوی ( سۆکە )وە لە ولاتانی ( هۆلەندە، سوێدو دانیمارک ) بۆ هاوبیر ( عومەر تۆفیق ) بکرێتەوە .

٦ـ کۆنگرە بڕیاری دا کە کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی پێویستە لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا کۆبونەوەی ساڵانەی خۆی بکات و ئەرکەکانی کۆنگرەی داهاتوو جێ بە جێ

## سەرچاوەکان:

1. ئاگرین، عەبدوڵا، (2013)، لاپەڕەیەکی گەش مێژوی کاژیک، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
2. ئاگرین، عەبدوڵا، (2015)، مێژوی شکۆداری کاژیک، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
3. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، (2008)، رۆژنامەگەری خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا(١٩٤٩-١٩٩١)، چ١، چاپخانەی تیشک: سلێمانی.
4. ئەحمەد، ئامانج حەسەن، (2009)، برایم ئەحمەد (1914_2000) رۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازی رووناکبیری گەلی کورد دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج: سلێمانی.
5. ئەمین، شوان محەمەد، خۆشناو، تەها، (2012)، هەولێر لە نێوان ساڵانی(١٩٥٨-١٩٦٣). چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
6. ئەمین، کاوە، (2006)، ناسیۆنالیزمی کوردی خەبات بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی بەراوردێک لە نێوان سێ پارتی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر..

7. ئەمین، کاوە، (2017)، لە کاژێکەوە بۆ پاسۆک، چ١، چاپخانەی تاران.
8. ئەمین، ئەحمەد حەمەد، (2017)، پارتی دیموکراتی کورد_ عێراق بەرەی پێشکەوتوو (1951_1956)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
9. ئەندەرسن، لیام، ستانسفیڵد، گاریث، (2008)، ئایندەی عێراق (دیکتاتۆری، دیموکراسی، یان دابەشبوون)، و: کامیار سابیر، دڵشاد حەمە، چاپخانەی رەنج: سلێمانی.
10. بەرزنجی، هەڵۆ، (بەبێ ساڵی چاپ)، پرسیارەکان هێشتا تینوی وەڵامن، بەبێ ناوی چاپخانە.
11. بەرزنجی، هەڵۆ، (بەبێ ساڵی چاپ)، کورتەیەک لە مێژووی رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا نەکسە.
12. پارتی دیموکراتی کوردستان، (1997)، هەڵوێستی حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەمەڵ کێشەی کورد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیناسات و توێژینەوە.
13. تەنیا، ئیسماعیل، (2010)، بزاڤی رۆژنامەگەری کوردی لە ئەڵمانیا، چ١، چاپخانەی پاک: هەولێر.
14. دەستەی ئەنسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، (2021)، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان_ کۆنگرە و کۆنفرانس (پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
15. رەسوڵ، (1968)، چۆن هاویرێک بۆ کاژێک بەدەست دەهێنیت، چ٢، چاپخانەی دامودەزگاکانی کاژێک لقی ئەوروپا، ٢٥٨٠ کوردی-١٩٦٨ فەرەنگی.
16. ژیر، کامیل، (1960)، کوردایەتی، چ١، چاپخانەی نەجاح: بەغداد.
17. ژیر، کامیل، (2021)، یادەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
18. عارف، عارف رۆشدی، (2012)، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا،(١٩٥٦-١٩٧٥): سلێمانی.
19. عومەر، سەروەر عەبدورەحمان، (2002)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان(١٩٧٥-١٩٧٦) دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، چاپخانەی نەما: سلێمانی.
20. عومەر، سەروەر عەبدورەحمان، (2019)، حیزبی شیوعی عێراق پرسی کورد،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
21. فەقێ، زانا، (2018)، پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک(١٩٧٥-١٩٩١)، چ١: سلێمانی.
22. قادر، مەهدی محمد، (2005)، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان: سلێمانی.
23. ماکداوڵ، دیڤد، (2005)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی (ئەبووبەکر خۆشناو)، چاپی دووەم، چاخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.
24. مام خول، رەفیق رەحمان، (2013)، مستەفا بارزانی و رۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسییەکاندا، چ٢، چاپخانەی شەهاب: هەولێر.
25. موستەفا، بێستوون ئازاد، (2013)، شەهیدی سەرکردە (ئازاد مستەفا) لە دوو تۆی نووسینەکانیدا، چ١، چاپخانەی روون: سلێمانی.
26. مەجید، هەوراز جەوهەر، (2012)، شاری سلێمانی(١٤ی تەموزی١٩٥٨- ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨)، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
27. نورەدینی، عومەر حەمەد ئەمین، (2003)، سیستەمی نوێی جیهان و دۆزی کورد (کوردستانی عێراق بە نموونە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (حاجی هاشم): هەولێر.
28. نووری، بەهادین، (1996)، بیرەوەرییەکانی بەهادین نووری، بەرگی یەکەم، چاپخانەی رەنج: سلێمانی.
29. نەبەز ،جەمال، (1976)، زمانی یەکگرتوی کوردی، چ١، بڵاوکراوەی (یەکێتی نەتەوەیی خوێنکارانی کورد لە ئەوروپا): بامبێرگ.
30. نەبەز، جەمال، (1984)، هەندێک لە کێشە بنەرەتییەکانی قوتابخانەی کوردی ناسیۆنالیزم، بەرگی یەکەم، چ١، بنکەی چاپخانەی ئازاد: ستۆکۆڵم-سوێد.
31. نەبەز، جەمال، (1985)، (دۆزی ناسیۆنالیزمی کورد)، ئۆتۆنۆمی یان کوردستانێکی سەربەخۆ و بریاری چارەنووس لە ئازادیدا بۆ ئازادی، چ١، رۆکەی چاپخانەی ئازاد: سوێد.
32. نەبەز، جەمال، (1986)، (پێوەنداریەتی کورد) کورد کێ یە و کوردبوون مانای چی، چ١، بنکەی چاپەمەنی ئازاد: ستۆکۆڵم.
33. نەبەز، جەمال، (1988)، گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین (1944_1945) و ئایدۆلۆژیای هۆردەبۆژوای مارکسیستی کورد، چاپی یەک، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی بۆ زانستی هونەر: ستۆکهۆڵم.
34. نەبەز، جەمال، (1999)، رۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا، چ١ چاپخانەی دانیا، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ.
35. نەبەز، جەمال، (2002)، بیری نەتەوەی کوردی نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایی، چاپی دووەم: لەندەن_ بەریتانیا.
36. نەبەز، جەمال، (2006)، کۆبەرهەم، ژمارە(٦)، چ١، کوردستان: سلێمانی.
37. نەبەز، جەمال، (2007)، کۆبەرهەم، ژمارە (٧)، چ١، چاپخانەی منارە: هەولێر.
38. نەبەز، جەمال، (2010)، گۆڤاری نیشتمان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە: هەولێر.
39. نەبەز، جەمال، (2012)، باسنامە چەند گوژمێکی جوڵانەوەی کردە و بەسەرهاتم: هەولێر باشوری کوردستان.
40. نەبەز، جەمال، (2015)، کۆمەڵی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد (کاژیک_ 14ی 4ی 1959)، پێشخانەکانی و پاشخانەکانی: سلێمانی، کوردستان.
41. نەبەز، جەمال، (2017)، بیرەوەرینامە ئەو رۆژانەی جارێکی دی ناگەرێنەوە، چ١ چاپخانەی شڤان: سلێمانی.
42. نەبەز1، جەمال، (2002)، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چاپی یەکەم، بڵاو کراوە بنکەی کوردنامە: لەندەن.
43. نەبەز2، جەمال، (2007)، کوردستان و شۆڕشەکەی، چ٣، چاپخانەی منارە: هەولێر.
44. نەبەز3، جەمال، (2002)، (بیری نەتەوەیی کوردی) نە بیری "قەومیەت"ی رۆژهەڵاتی و نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی رۆژئاوایی یە، چ٢، بڵاوکراوەی کوردنامە: لەندەن.
45. ألخرسانی، صلاح، (1993)، صفحات من التاريخ الحركة الشيوعية في العراق، ط1: دارالفرات.
46. ألزبيدي، ليث ابو الحسن، (1981)، ثورة14 التموز1958 في العراق الطبعه الثانية: بغداد.
47. الدستور المؤقتة لعام 1958.
48. بطاطو، حنا، (2005)، الحزب الشيوعي، الكتاب الثاني، ت: عفيف الرزاز، ط: 1، فرصاد.
49. بيانات السياسية، سلسله الوثائق الكاژيكية باللغة العربية، طبع على مطبع فرع كاژيك في اوروبا، ١٩٦٩.
50. حميدي، جعفر عباس، (1980)، التطورات و الاتجاهات السياسية الداخلية في العراق(1953_ 1958)، ط1.
51. حميدي، جعفر عباس، (2021)، تاريخ العراق المعاصر،١٩١٤-١٩٦٨، التبعة الثالثة: بغداد.
52. فتح الله، شيركو، (2004)، الحزب الديمقراطى الكوردستانى و الحركه التحرير و القوى الكورديه فى العراق، ط1، المطبعه وزارة الثقافة: سليمانى.
53. الكاژيكنامة، طبع العربية الاولى، منشورات القيادة المركزية لحزب الكاژيك، ٢٥٨٣ك-١٩٧١.
54. كريم، حبيب محمد، (1998)، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني_ العراق ( من مصطاط الرئيسية)، 1946 _1993، مطبعة خبات: دهوك.
55. نبز، جمال: (1971)، حقيقه الكازيك، من منشورات القيادة المركزية لحزب الكازيك، ط١، ٢٥٨٣ كردي.
56. نبز، جمال، (1969)، حول المشكيلة الكردية، منشورات، الاتحاد القومى الطلبة الاكراد فى اوربا، ت١، ٢٥٨٠ك.
57. نبز، جمال، (1996)، تصريحات هامة المفكر الكردي جمال نبز، منشورات كوردنامه: لندن.
58. **MAM und ZIN, (1994), Aufage,p,der, Kurdistan Akademie fur wisssenschft and kunt.**
59. ئەمین، ئاشنا عەلی محەممەد، (2014)، هەمزە عەبدوڵڵا رۆڵی لە بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان دا، نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر.
60. عومەر، دەشتی ئیسماعیل، (2022)، ژیان و رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری کەریم ئەحمەد (1922_ 2004)، نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین_ هەولێر کراوە.
61. (چرای کوردستان)،(1966)، ژمارە(٢٦)، شوبات.
62. (نەوەی کورد)، (1965)، ژمارە(٣)، کانونی یەکەم.

63. (نەوەی کورد)، (1966)، ژمارە(٤)، ئاب.
64. خوێنکاری کورد، (1986)، ژمارە(٥)، مارت.
65. بانگی کاژیک، (1968)، ژمارە(١)، ١٤ی نیسان.
66. چاوپێکەوتن لەگەڵ کامیل ژیر. (٢٠٢٢/٣/١٣).
67. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng